www.kurdistannet.org

27-2-2007 18:30 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

خەونی خەڵاتی ئۆسکار ... شەیدا بڵباس

خەڵاتی ئۆسکار، ئەمرۆکەبۆتەخەونی شیرینی ئەکتەران لەجیهانی سینەما.. هەر لەیەکەم نواندن و بەرهەمی هونەری، تا ئەوساتەی پێیدەگات. بەوەنییەکەبەرزی 33 سم و کێشی 3، 6 کغم و لەپەیکەرێکی خنجیلانەی ئاڵتوونیدا خۆی دەگونجێنێت.

چیرۆکی ئەم پەیکەرەبچکۆڵانەیەدەگەڕێتەوەبۆ ساڵی 1929، واتەدوو ساڵ دوای دامەزراندنی ئەکادیمیای هونەر و زانستی سینەما، لەسەردەستی خاوەن ستۆدیۆ "گۆڵدن مایەر" و "لویس مایەر".

ئەم خەڵاتەساڵیانەپەنجا دانەی لەشێوەی هونەریدا بۆ چالاکی هونەری سینەمایی؛ لەداهێنان و نواندن، پێشکەش بەو هونەرمەندانەی کەشایانی خولقێنەری هونەرین، دەکرێت. لەساڵی 1929 وەتا ئێستا 2578 خەڵاتی زێڕینی ئۆسکار، بەخشراوەبەسەر لێهاتووانی ئەم بواره.

هەرچەندەئەم خەڵاتەشیاوی فرۆشتن و گۆڕینەوەنییە! بەڵام لەساڵی 1993 خاتوونی ئەکتەر" جوان کراوفۆرد"، کەوەرگری خەڵاتی ئۆسکار لەساڵی 1945 بوو، بە68 هەزار دۆلار لەموزایەدەیفرۆشێت .

لەشاری شیکاگۆی ئەمریکا، کارگەی ئۆنس دروستکردنیان دەگرێتەخۆی، کەنرخی هەریەکێکیان 18 هەزار دۆلار لەسەریان دەکەوێت.

هێشتا زانیارێکی ڕێک وڕەوان بۆ پشت ئەستووری لەبارەی ناوەکەی لەئارادا نییە، چەند ڕاپۆرتێک دەیگێڕنەوەبۆ سکرتێری ئەکادیمیاکە، لەکاتی پێشکەشکردنی بەهونەرمەندان کەشێوەی پەیکەری خەڵاتەکەی بەنزیکی لەڕوخساری مامی چواندووە، کەناوی ئوسکار بووەو لەسەر ئەمەش، ئەو نازناوەی هەڵگرتووە. سەرچاوەی تریش هەن، ڕاستی بابەتەکەدەخەنەپاڵ هونەرمەند " بیتی دێیڤس"، لەساتی وەرگرتنی خەڵاتدا، ناوی مێردەکەی کەماموّستا و داهێنەری مۆسیقای هارمۆنی " ئۆسکار نێڵسۆن"، کردوویەتیەدیاری و بەباڵای ئەودا هەڵیبڕیوە.

جا هەرچۆنێک بووبێت، لەو ساوەو ئێستاشی لەگەڵدابێت، سەرەڕای ناو و کێش و باڵای بەرزی، بەیەکێک لەخەڵاتەبەهاکانی جیهانی دەخوێندرێتەوەو بۆتەخەونی شیرینی هەموو ئەکتەرێکی سینەمایی؛ تا ڕۆژێک لەبەرامبەر هەوڵەکانی هونەریدا ناویان بانگ بکرێت و پێی شاد بن.

هەرچەندەلەکوردستان لەوانەیەخەڵکانێک ناوی منالیشیان نابێت ئۆسکار.. بەڵام هێشتا وەرگتنی خەڵاتەکەبۆ هونەرمەند و ئەکتەری کورد، هیواو تامەزرۆی ئەوەی کەڕۆژێک ئەو خەونەببێتەڕیالیست.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.